بارزانی و ماکرۆن پەیوەندیەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا سەرخۆشی لە ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا کرد بەبۆنەی کوژرانی ئۆو سەربازە فەرەنسیەی لە هەرشەکانی شەوی ڕابردوی سنوری مەخمور گیانی لەدەستدا. لایخۆشیۆو ماکرۆن دوپاتیکردەوە کە فەرەنسا لە پشتگیری و هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

لە ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە، نێچیرڤان بارزانی ئەمڕۆ لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئیمانوێل ماکرۆن، بە تووندی سەرکۆنەی هەرشی تیرۆریستیی شەوی ڕابردوی سنوری مەخموری بە سەر سەربازگەیەکی هاوبەشی پێشمەرگە و هێزەکانی فەرەنسا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا کرد کە لە ئەنجامدا سەربازێکی پلەداری فەرەنسی گیانی لەدەستدا و ژمارەیەکی دیکەشیان بریندار بون.

نێچیرڤان بارزانی، سەرخۆشی و هاوخەمیی قوڵی خۆی و گەلی کوردستانی ئاراستەی سەرۆک ماکرۆن و گەل و حکومەتی فەرەنسا و خێزان و هاوڕیانی ئۆو سەربازە فەرەنسیە کرد کە لەپێناو پاراستنی ئاسایش و

بەرێنگاربونەوەی تیرۆردا لە هەرێمی کوردستان گیانی بەخشی. هەروەها دوپاتیکردەوە کە بیر و دڵمان لای ئەوانە و هیوای زو چاکبونەوەی بە بریندارەکان خواست.

ئەنجیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ پشتگیری و هاوکاریی فرەنسا لە عێراق و هەرێمی کوردستان و قوربانیدانی هێزە سەربازییەکانی فرەنسا لە هەرێمی کوردستان دەربڕی. هەروەها دوپاتیکردەوە کە پەیوەستە حکومەتی عێراق ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات بۆ ڕاگەیاندنی هەرشی ئەو گروپانە و سزادانیان، تاکو چیتر بەرژەوەندییەکانی وڵات و پێیوەندییەکان لەگەڵ کەمڕاگەی نێودەوڵەتی نەکەونە مەترسییەوە.

ڕایخێیەوە ماکرۆن، سوپاس و پێزانینی بۆ پێیوەندی و هاوخەمیی سەرک ئەنجیرڤان بارزانی و گەلی کوردستان دەربڕی و دوپاتیکردەوە کە فرەنسا لە پشتگیری و هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت.

ئاماژەکردنی دوایین پێشهاتەکانی شەڕ و لەکۆتکانی لەسەر ناوچەکە، تەوژمکی دیکەی پێیوەندییەکە بو. تیایدا هەردولا جەختیان لە چەکردنەوەی هەوڵکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەری کێشکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە کردەوە.